# ڕۆژی گەل

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٧٥) یەکشەممە ٢٠٠٧/٤/٢٢


## هەڵوەشانەوەی عێراق کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبێ

ڕۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە ژووری بازرگانی میسر لە قاهیرە لە کورتە وتارێکدا گوتی: ئەگەر دەوڵەتی عێراق هەرەس بێنێ، ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە، پاشاگەردانی لە ڕەوشی عێراق دروست دەبێ و کاریگەریەکی خراپ لە سەر ڕەوشی ئاسایشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوادا دروست دەکات .

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: هەرەسهێنانی عێراق پێش ئەوەی کاریگەری بۆ سەر "واشنتۆن و نیۆیۆرک" هەبێ، کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر پایتەختەکانی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست دا دەبێ .

# ئەمریکا پاشقوڵ لە کورد دەگرێ و دەیەوێ کەرکوک هەرێمێکی سەربەخۆ بێ

هەواڵەکان: حکومەتی ئەمریکا بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ سەکردایەتی کوردستان بەر لە پڕۆسەی ئازادی عێراق واژۆی کردبوو دەیەوێ پارێزگای کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگەڕێتەوە. بەوهۆیەشەوە تا ئێستا ئەو قەزاو ناحیانەش بۆ سەر پارێزگای کەرکوک نەگێڕدراونەتەوە کە ڕژێمی بەعس بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیا لە سەر پارێزگاکە لایبردبوون .

ماوەیەکە سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەو ڕێککەوتنانە دەکەن کە بەر لە پڕۆسەی ئازادی عێراق ئیمزا کراوە، بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لایەنە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان ئەو هەواڵە ڕەت دەکەنەوەو بانگەشەی گێڕانەوەی پارێزگای کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەن.

لەم دواییانەدا ئاژانسی نووچێن کوردستان لە زاری سەرچاوەیەکی ئاگادار بڵاوی کردبۆوە کە باڵیۆزی نوێی ئەمریکا لە عێراق بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووەو باسی لەوە کردووە کە پارێزگای کەرکوک بە گوێرەی ڕێککەوتنەکانی پێشوومان دەکرێ بە هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆ ، ئەو قەزاو ناحیانەی کە ڕژێمی بەعس دایبڕیبوون بۆ سەر پارێزگای کەرکوک ناگەڕێنەوە .

دوای ئاشکرابوونی هەوڵ و کۆششەکانی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی پێشوو ئیدی کارو چالاکیەکانی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هەڵپەسێردراون، هەربۆیەش نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق ئیمزای لەسەر بڕیارەکانی کۆمیتەکەدا نەکردو ڕەوانەی پەرلەمانی عێراقی کرد، تەنانەت هەندێک لە چاودێران دەست لەکارکێشانەوەی هاشم شبلی سەرۆکی کۆمیتەکە و وەزیری دادی عێراقی بۆ ئەو هۆیە دەگێڕنەوە .

بەگوێرەی بەرنامەی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەبوایە قۆناغی ئاساییکردنەوەی پارێزگای کەرکوک لە ٢٩-٣-٢٠٠٧ تەواوبووایە، ئاوارەکان بۆ کەرکوک و هاوردەکانیش بۆ شوێنی پێشووی خۆیان ڕەوانە بکرابانەوە ، بەڵام تا ئەمڕۆ هیچ هەنگاوێکی کردەیی هەڵنەگیراوەتەوە، تەنیا پڕۆسەی خاپاندن بەڕێوەچووەو و یاری چاوشارکێ لەگەڵ کەرکوکیەکان و کوردستانیاندا ئەنجام دراوە، بەوهۆیەشەوە گومان و دڵەڕاوکێ کوردستانیان داپۆشیووە .

لەلایەکی دیکەشەوە سەرکردەکانی عێراقی لێرەولەوێ لێدوان دەدەن و داوا لە سەرکردەکانی کوردستان دەکەن کە پەیوەستی ئەو ڕێککەوتنانە بن کە خۆیان ئیمزایان کردووە، تەنانەت لێدوانە نەرمەکانی ئەم دواییەی ئەردۆگان سەبارەت بە هێرش نەکردنە سەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو بەرنامە هەمەلایەنەیە کە بۆ کەرکوک پێشنیار کراوە، ئەمەش ئەو بەڵگانە ئاشکرا دەکات کە پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ ئەوەکراوە کە پارێزگای کەرکوک نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان .

چاودێران پێیانوایە پلانێکی نهێنی لەنێوان ئەمریکاو تورکیاو عێراق و خودی دەستەڵاتدارانی کوردستانیش لەئارادایە تا کەرکوک بکرێ بە هەرێمێکی سەربەخۆ، بەڵام ئەوان دەڵێن: ئەگەر کێشەی کەرکوک یەکلایی نەکرێتەوەو دانیشتووانی پارێزگاکە بۆخۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان نەدەن نە کێشەکانی ناوەخۆی عێراق چارەسەر دەکرێن و نە ئەو ستەمەش لەسەر کورد هەڵدەگیرێ کە بەدرێژایی ٨٥ ساڵی ڕابردوو فەرمانڕەوایانی بەغداد دژ بە کوردستانیان بەڕێوەیان بردووە.

## هاری رید :

# ئێمە لە شەڕی عێراق دەدۆڕێین

ڕۆژی پێنج شەممە ١٩-٤-٢٠٠٧ هاری رید ڕێبەری دیموکراتیخوازەکان لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە شەڕی عێراق دۆڕاوە، ڕەوانەکردنی سەربازیش هیچ لە ئاکامەکەی ناگۆڕێ، بەڵام ڕۆژی ٢٠-٤-٢٠٠٧ جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا لەبەردەم هاوهەنگی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە مشیگان بانگەشەی دیموکراتیخوازەکانی ڕەت کردەوەو گوتی وێڕای ئەوەی کوشتارەکان لە شاری بەغداد گەورەبوونەتەوە بەڵام ئەو باوەڕی بە سەرکەوتن هەیە!، ناوبراو ڕایگەیاند وێڕای هەموو ئەو کۆسپانەش سەرکەوتنێکی ڕێژەیی بەدەست هاتووەو تا ئەم چکەیەش نائومێد نەبووە، بۆیە بڕیاری داوە بە تێکڕایی بیست



هەشت هەزار سەرباز ڕەوانەی عێراق بکرێن .

ئەوەی شیاوی باسە هاری رید پێداگری لەسەر ڕامانی خۆی دەکات و دەڵێ دەزگەی کۆشکی سپی کاری زۆری پێویستە تا داکۆکی لە سیاسەتە دۆڕاوەکەی بووش بکات، بەڵام بووش و هاودەستانی هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر ئەوانەی بوێریان تێدایە و پرسیاری سەخت دەورووژێنن و ڕاستیەکانی سەبارەت بە عێراق ئاشکرا دەکەن، ئەگەر ئێمە لەگەڵ کاروانی سەرۆک بڕوێن و پشتیوانی لێ بکەین لە دوارۆژدا ئێمەش لە دۆڕانەکەیدا بەرپرسیار دەبین.

# ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال داوای هەڵگرتنی لەسێدارەدان دەکات

ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیەو داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکات و دژی هەڵواسین و لەسێدارەدانی مرۆڤ دەوەستێتەوە، لەدوایین ڕاپۆرتی خۆیدا بە توندی ڕەخنەی لە حکومەتی عێراق گرتووەو بەوە تۆمەتباری کردووە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان سزای لە سێدارەدان جێبەجێ دەکات.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ڕادەگەیەنێ کە لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە حەفتا کەس لە عێراق سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، دوو سەدو حەفتا کەسی دیکەش سزای لەسێدارەدانیان بۆ براوەتەوەو چاوەڕێی سەپاندنی سزاکە دەکەن، ئەمەش لە لیستی ناوی ئەو وڵاتانەی کە سزای هەڵواسین جێبەجێ دەکەن پلەی چوارەمی وەرگرتووە.

ئەوەی شیاوی باسە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە مانگی نیسانی ٢٠٠٣ دا سزای هەڵواسین لە عێراق هەڵگیرا، بەڵام لە مانگی ئابی ٢٠٠٤ جارێکی دیکە جێبەجێکردنی ئەو سزایە بڕیاری لێدرایەوە، تا ئێستاش زیاتر لە سەد کەس سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ کراوەو ژیانیان لێ سەندراوەتەوە.

ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیونال هەڵواسین و کوشتن بە دڕندانەترین شێوەکانی سزا دەزانێ و داوا دەکات حکومەتی عێراق بڕیاری هەڵواسین هەڵوەشێنێتەوەو چیتر سزای مەرگ بەسەر جێبەجێ نەکرێ .

# ICC: شەڕی نێوەخۆ لە کەرکوک هەڵدەگیرسێ

ڕێکخراوی ئای سی سی کە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتیەو بارەگاکەی لە برۆکسلی پێتەختی وڵاتی بەلجیکا دایە ڕۆژی ٢٠-٤-٢٠٠٧ لە ڕاپۆرتێکی تایبەتی لەژێر ناوی (عێراق و کورد: چارەسەری کێشەی کەرکوک)دا بڵاوی کردۆتەوە، هەرچەندە ناوی ئەو پسپۆڕ و شارەزایانە دیاری نەکراوە بەڵام پێشبینی ئەوەی کردووە کە کێشەی کەرکوک یەکلایی نابێتەوەو سەرەنجام شەڕی نێوەخۆ هەڵدەگیرسێ .

ڕێکخراوی ئای سی سی بە دامەزراوەیەکی سڤیل و لێکۆڵینەوەی گرنگ دەناسرێ ، لەپێوندی ئەم ڕاپۆرتەیدا دیدارو هەڤپەیڤینی لەگەڵ چەندین شارەزاو سیاسەتکارو چاودێری ڕامیاری کردووە و گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی کە شەڕی نێوەخۆ لە کەرکوک بەرپا دەبێ .

ڕاپۆرتەکە داخوازی تورکیا و وڵاتانی عەرەبی وەپێشخستووەو پێیوایە بەو شێوەیەی کە ئێستا سیاسەتکارانی کورد دەخوازن کێشەی کەرکوک ڕیالیست نیە و باشترە واز لە بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم بهێنرێ، یاخود ئەو کاتە بەڕێوەبچێ کە هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک ( کورد، عەرەب، تورکمان، مەسیحی) پێکەوە هاوهەنگی بکەن و بڕیاری لێبدەن .

دامەزراوەکە جەخت دەکاتەوە ئەو تیرۆرانەی کە ئێستا لە کەرکوک دەکرێن پەیوەندیان بە کوردەوە نیە وەک هەندێ لایەن بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ڕێکخراوەی ئەلقاعیدەو عەرەبە توون دڕۆکانن. عەرەب و تورکمانە دێرینەکان و کوردەکان دژایەتی یەکتر ناکەن و داوای بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم دەکەن، عەرەبە هاوردەکانیش گەڕانەوەیان دەوێت، بەڵام دژی ڕیفراندۆمن.

ڕاپۆرتەکە باس لە دەست تێوەردانی تورکیا ناکات، کەچی کێشەی پەککەکە و کەرکوک بەیەکەوە گرێ دەدات، ئەمەش ناڕاستی تێدایەو ڕاپۆرتەکە وەژێر گومان دەخات .




## ڕۆژەڤ

ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ میقداد مەدحەت بەدرخان یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی بە زمانی کوردی لە شاری قاهیرەی وڵاتی میسردا چاپ و بڵاوکردەوە، شانازییێکی گەورەی بۆ خۆی و نەتەوەکەی تۆمارکرد، ناسنامەی نەتەوەی کوردی بە جیهانیان ناساندو پێیراگەیاندن نیشتمانێک لەسەر گۆی زەوی بە ناوی کوردستان هەیە، بەوهۆیەشەوە لە مێژوودا وەکو ڕۆژی ڕۆژنامەگەری ناودێرکرا، ئیدی هەموو ساڵێک لە ٢٢ی نیسان دا ڕۆژنامەوانان و ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی وشەی کوردی جەژنی ڕۆژنامەگەری پیرۆز دەکەن و یادی ئەو کەڵەنووسەرە دەکەنەوە کە بەردی بناغەی ڕۆژنامەگەری کوردستانی داناوە.

ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی ١٠٩ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان دەبینین کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردستان باڵای کردووە، سەدان ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە بە زمانی کوردی چاپ دەکرێن، دەیان ڕۆژنامە بە ناوی کوردستان بە پاشگری جۆراوجۆرەوە دەردەچن، هەزاران ڕۆژنامەنووس بارهێنراون، ئەمەش سەروەرییەکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانیەو درێژەپێدەری ئەو کاروانەیە کە بەدرخانیەکان ڕێبەرایەتیان کردووە .

بەدرێژایی ١٠٩ ساڵی ڕابردوودا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زۆر شێلگیرانە پێداگریان لەسەر بەرەوپێشەوەبردنی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردووە، بەوهۆیەوە دووچاری گرتن و ڕاونان و گیران و زیندانیکردنی کردن و ئەشکەنجەدان هاتوونەتەوە، دەیان ڕۆژنامەنووسی دڵسۆزو بوێر بەدەستی دوژمنانی وشەی کوردیەوە شەهید کراون و پیلانی لەناو بردنیان بۆ داڕێژراوە. مخابن ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی شازدە ساڵ بەسەر ڕزگاربوونی باشووری کوردستان کەچی هێشتا ڕۆژنامەوانان لە ژێر ترس و نیگەرانیدا بەسەر دەبەن، بە تایبەت ئەوانەی بۆ دەستەڵات دەستەمۆ نابن دووچاری سوکایەتی پێکردن، لێدان، گرتن، دادگەیی کردن و زیندانیکردن دەبنەوە .

لە پێوەندی ٢٢ی نیسان جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردستان، ئێمە بە ناوی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی (ڕۆژی گەل)ەو پیرۆزبایی خۆمان لە تەواوی ڕێبواران و ئاشقانی وشەی پیرۆزی کوردی دەکەین ، سڵاوی ئەمەک و وەفاداریش بۆ گیانی پاکی میقداد مەدحەت بەدرخان سەرقافڵەی کاروانی ڕۆژنامەوانی کوردستان و هاوڕێکانیان دەنێرین، دەستی یەک بەیەکی ئەو ڕۆژنامەوانە بەڕێزانەش دەگوشین کە ڕاستوێژو لە خۆبردووانە لە ڕاژەی وشەی پیرۆزی کوردی و کاروانی ڕۆژنامەوانی دان، لەهەمان کاتدا هیواخوازین کە دەستەڵاتدارانی کوردستان چیتر کۆسپ و بەربەست لەبەردەم کاروانی ڕۆژنامەگەری دانەنێن، بازنە بەدەورەی بزاڤی ڕۆژنامەوانی دا نەکێشن و هێڵی سوور بۆ ڕۆژنامەوان دیار نەکەن، هەر بەوبۆنەیەوە داوا لە دەستەڵاتدارانی کوردستان دەکەین کە ئەو ڕۆژنامەوانانە ئازاد بکات کە لە زیندانەکاندا ڕاگیراون.

ئەمڕۆ بزاڤی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی کوردستان هەزاران قەڵەمی ئازاو بوێری بەرهەم هێناوە، خاوەن خەرمانێکی گەورەی تێکۆشانە، بەمەبەستی سازاندنی کۆمەڵگەی کوردەواری لەگەڵ جیهانگیردا پێشەنگایەتی کۆمەڵگە دەکات، بەوهۆیەشەوە هیواو ئومێدی کوردستانیان مەزن و گەورەتر بوونەتەوە، گەشبینانەتر لە داهاتوو دەڕوانن.

شکۆدار بێ ٢٢ی نیسان ڕۆژی ڕۆژنامەوانی کوردستان

نەمری و سەربەرزی بۆ میقداد بەدرخان ڕێبەری ڕۆژنامەوانی کوردستان و هاوڕێکانی.


## لەم ژمارەیەدا

ل٣ ئەمریکیەکان دیوار لە نێوان شیعەو سوننە دروست دەکەن

ل٥ نزار خەزرەجی چەکی کیمیاوی داوە لە کوردستان!

ل٧ فەرهەنگی عارەبی و ڕۆشنبیری ساویلکە